www.kurdistannet.org

11-12-2006 23:01 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بەیاننامەی هاوبەشی حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان سەبارەت بە راپۆرتی بیکەر- هاملتۆن

ئێمە ژمارەیەك لە هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان سەبارەت بە راپۆرتەکەی بیکەر- هاملتۆن کۆبووینەوە کە لیژنەی تۆژینەوە دەربارەی عێراق رۆژی 6-12-2006 پێشکەش بە حکومەتی ئەمریکای کردبوو. دوای گفتوگۆ و تاوتوێکردنی راسپاردەکانی نێو راپۆرتەکە هەڵوێستی روونی خۆمان دەخەینەروو. ئێمە ئەو راسپاردانەی کە تایبەتن بە بارودۆخی کوردستان هەرهەمووی رەتدەکەینەوە، بە تایبەت ئەو راسپاردانەی باس لە جێبەجێنەکردنی ماددەی 140، گێڕانەوەی داهاتی کوردستان بۆ نێو داهاتی حکومەتی ناوەندی و دابەشکردنەوەی بە پێی ژمارەی دانیشتووان، بەهێزکردنی دەستەڵاتی ناوەندی دەکات. راپۆرتەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق خوازیاری رۆڵپێدانەوەی دەوڵەتانی ناوچەکەیە کە ئەمەش بە دژایەتی بەرژەوەندەکانی گەلی کودستان تەواو دەبێ، بەو هۆیەوە ئێمە لە کاتێکدا زۆر بە تووندی نارەزایی خۆمان لەبەرانبەر راپۆرتەکەی بێکەر- هاملتۆن دەردەبڕین و رەتی دەکەینەوە، لە هەمان کاتدا پشتیوانی لە هەڵوێستەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و سەرکۆماری عێراق کە لە پێوەندی بە راپۆرتەکە پێشانیان دابوو، دەکەین. ئێمە دەخوازیە کە تێکرایی کوردستانیان دەنگی نارەزایی بەرز بکەنەوە و گوشارەکانی خۆیان دەکاربکەن، بە یەکهەڵَوێستی و یەکریزی نێوانیان راپۆرتەکە لەکاربخەن و رێگە نەدەن کاری پێبکرێ، نابێ گەڕانەوە بۆ دواوە لە فیدراڵی و گێڕانەوەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان پەسنەد بکرێ.

ئێمە داوا لە حکومەتی ئەمریکا دەکەین کە بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستان لەبەرچاو بگرێ و بۆ دیموکراتیزەکردن و عێراقێکی فیدراڵی پێبەندی سۆز و بەڵێنەکانی خۆی بێت. داواکارین کە حکومەتی ئەمریکا مامەڵەی راست و واقیعی لەگەڵ رەوش و تایبەتمەندێتی کوردستاندا بکات.

ئێمە داوا لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە هاوهەنگی و ئاسانکاری بۆ بەرێوەبردنی رێپێوانێکی هێمنانەی جەماوەری بکەن، هەروەها دەخوازین کە جەماوەری کوردستان لەهەموو شاروشارۆچکەکانی کوردستاندا بەمەبەستی نارەزایی دەربرین و هەڵوێست وەرگرتن، ئامادەکاریی بۆ رێپێوانی بەرفراوان بکەن و بە هەموو شێوەیەك راپۆرتەکە ریسوا بکەن.

### حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان

--------------------------------

1- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
2- حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان
3- بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان
4- یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان
5- پارتی پارێزگارانی دیموکراتی کوردستان
6- پارتی رزگاریی نەتەوەی تورکمان
7- پارتی یەکێتی دیموکراتی کلدانی
8- پارتی دیموکراتی تورکمانی کوردستان
9- کۆمەڵەی نیشتمانی تورکمان
10- یەکێتی دیموکراتی کلدانیەکان
11- بەرەی گۆڕان
حزبی رزگاریی کوردستان
حزبی دیموکراسیخوازانی کوردستان
پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان
کۆمەڵێك کەسایەتی سەربەخۆ